# هاوسەرگیری
# لەگەڵ چاوەڕوانیدا

ئا: عەرعەر



ئەنفال هەر بۆ ئەوە نەبوو بیابانەکان تێر بکات، هەر بۆ ئەوە نەبوو کانیەکان وشك بکات بۆ ئەوەی باڵندەکان بمرن، ئەنفال زۆر هۆشمەندانەبوو، نوێگەر بوو، داهینەر بوو لەوەی بەچەندین شیواز مرۆڤەکانی دەکوشت، لەتواناى مرۆڤیك بەهیز تر بوو، بگرە کۆی توانای مرۆڤایەتیشی لەچنگا ونکردبوو، ئەوەنیە تەنیایی زەوییە لمییەکانیشی نەهێشت بە مرۆڤ، ئەوە نیە هەرچی سەگی رەشی میللەتە ئیسلامیەکان هەبوو تێر بوون لە مرۆڤ، ئەنفال داهێنەرە، داهێنانێکی تری ئەنفال جیاکردنەوەی رۆحی مرۆڤەکانە لەیەکتری، پیێدانی چاوەروانیە هەتا مەرگ رۆچوون بە ژیانی (مریەم و گوڵەباخ )دا.

یەکێك لەو مرۆڤانەی ئەنفال ژیانی هاوسەرگیریشی پیێ ڕەوا نەبینی و بۆهەمیشە تەنیای کرد (مریەم صالّح)ی تەمەن (٤٥) ساڵە، ئەم (مریەمە) دومانگ بەر لە شالأوەکانی ئەنفال ئەڵقەی دەستگیرانی لەدەست کردبوو، بەلأم هەنگاوەکانی ئەنفال لەهەنگاوەکانی خێزانداری دوور مەوداتر بوون و نەیهێشت وەکو خێزانو وەکو دایك بژیو هاوسەرەکەی لێجیا کردەوە.

مریم تا ئەم کاتە خۆی بەدەستگیراندار دەزانیٚ و نەیتوانیوە ئەڵقەی دەزگیرانداریەکەی لەدەست لابەریٚ.

ئەم مرۆڤە دەستگیراندارە رەشپۆشە ئێستا لە خانویەکی قوڕی نزمدا لەگەڵ دووبراو باوکە پیرەکەیدا ژیان ئەگوزەرێنێت، لەگەڵ یەکەم بینیندا هەموو ئەو بیٚ رێزیەکانی دەخوێنیتەوە کە ژیان بیٚرانبەری کردوونی، کەم مرۆڤ هەیە هیندەی ئەم گریا بێت، کەم مرۆڤ هەیە بەرگەی ئەوەندە چاوەروانی گرتبێت، ژیانی ئیستەی مریم لەخوار ئاستی هەژاریەوەیە، جگە لەوەی براکانی بە کرێکاری دەستیان دەکەویت هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نییە.

ئیستە مریم بەچاوی پر فرمێسکی بیٚ هیوایی و ڕوخساری پڕ نەهامەتی دەنگێکی گۆراوەوە باسی ئەنفال دەکات و دەڵیٚ "کەسوکارم زۆربەی ئەنفالکراوە ، لەناو هەموویاندا (دەزگیرانەکەم) کە ئامۆزاشم بوو هەتا ماوم شێوەیم لەبەر چاو لاناچێت"، مریەم باس لەو دوو مانگە ئەکات کە لەگەل دەزگیرانەکەیدا بوو و دەڵیٚ "ئێمە لەکاتی ئەنفالەکەدا لەگوندی تیلەکۆ بووین، ئەو کاتە وەزع زۆر خراپ بو شارو لادیٚ هەمووی تێکچوبو هاتوچۆ نەمابوو، ئێمە هەر لەهەولی ئەوەدا بوین چۆن جلی بوکێنیم بۆ بێنن و شایی بکەین" .

چاوەروانیەکەی ( مریم) لەدوای ئەو دومانگە کۆتایی هات و چاوەروانیەکی ئەبەدی جێگەی گرتەوە، ئەو دەڵیٚ "دڵمان زۆر خۆش بوو نەمانزانی ئەو کافرە خوا نەناسانە شاییمان لێدەکەن بە تەعزیٚ"، (مریەم صالح ) تا ئەم کاتە شوی نەکردووەو دەڵێت " من لەوە دڵنیابووم کە دەزگیرانەکەم دێتەوەو زەماوەند دەکەین، بەلاٚم ئەوا چەن ساڵێکە دڵنیا بوومە کە ئەو نەماوەوە بۆیە بەنیازی شوکردنیش نیم و بەس ئەوەم دەوێت خۆم بەڕێوە بەرم"، ئەم ئافرەتە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ لەوە دڵنیا بوو کە دەستگیرانەکەی دەگەڕێتەوە و زەماوەندەکەیان دەکەن، بەلاٚم دوای دۆزینەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان ئەو چاوەڕوانیەشی نەهێشت، دوای ئەو هەموو چاوەروانیە و ئەو دنیا پڕ لە تەنیاییەی، داوای ئەم ژنە ئەنفالە لەسێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفالە بە کوردەکانیشەوە مریەم دەڵیٚ "من ئێستا تەنها داوای لەسێدارەدانی تاوانباران دەکەمو ئەمەوێت ئەو جاشەکوردانەش لە سێدارە بدرێن".

مریەم بەتەنیا نیە ، دەیان هاوشێوەی مریەم لەم وڵاتەدا یەو بە چاوەڕوانی ڕۆژی زەماوەندیەوە ژیانی لەمەرگ نزیکبۆتەوە، (گوڵەباخ محمد علی) لەگوندی قایتەوەنی ناحیەی (قادرکەرەم) یەکێکی ترە لەو جۆرە ژنانە، ئێستا لەگەڵ باوکیدا لە خانویەکی بچوکی لادێکەیاندا دەژین گوڵەباخ ووتی "گەورە بە بچوك درابوم بەماڵێك، چەند مانگێك پێش ئەنفال ماڵی دەستگیرانەکەم خۆیان ئامادە کردبوو بۆ زەماوەند و گواستنەوەی من، بەلآم ئەنفال ڕێگری لێکردین و لەو کاتەوە چاوەڕێی هاتنەوەی دەستگیرانەکەمم و نەمتوانیوە شو بەکەسی تر بکەم، ئێستاش دوای دڵنیابوون لەنەمانیان تەمەنی شوکردنم تێپەراندووە دەمەوێت هەر خزمەتی باوکە پیرەکەم بکەم"، پاش ئەو چاوەروانیە و شو نەکردنەوەی گوڵەباخ دەڵێ "ئەو ماوە زۆرەی کە من چاوەروانی دەستگیرانەکەم بووم رۆژێکم بە ساڵێك تێدەپەراند، چونکە چاوەروانیی ئینسان ئەکوژێت و بەلآم لەبەر ئەوەی ئەمەلی گەراندنەوەی دەستگیرانەکەمم هەبوو بۆیە بەرگەی ژیانم دەگرت".

داوای گوڵەباخ دوورە لەخەونەکانی رابردوویەوە بەڵکو لەخەمی ئێستاو داهاتویدایە و دەڵێ "دەمەوێت تەنها خانویەکمان بۆ بکەن و مەعاشەکەمان زیاتر بکەن، بۆ ئەوەی لەم ژیانە نەجاتمان بێت".